

سەلاح حەسەن پاڵەوان - عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی

# ”دوا شیعری بڵند ئەلحەیدەریم لە لایە پێش ئەوەی بمرێ بۆهەڵەبجەی نوسیووە“

## نامەیەکی سەڵاح حەسەن پاڵەوان بۆ عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی



Shekani Salah
AZC Leusden
Laniks laan 10
3833 AM Leusden
Tel/033 - 4321807



لە ڕۆمانەکەدا پاڵەوان خۆمم، لە خەونێکی لەپڕدا ئەبمە سەگ

# ڕووخانی بیرەوەریی و شکستی ژن لە «ژنێک بەسەر منارەوە»دا

ڕایان عوسمان






قسەکردن لەسەر ئەم دەقە نوێیەی شێرزاد حەسەن، ئەوەندەی درێژکردنەوەی خەمی قووڵی ژنبوونە لەم وڵاتەدا، ئەوەندە خستنەڕووی ناونیشان و پێشهاتێکی تر نییە کە ئەم تێکستەی لەوانی تر جیابکاتەوە، بەشێکی گرنگی ئەم ڕۆمانە، ئیشکردنە لەسەر بیرەوەریی و شوێنەواری کۆنی شار، کە ئێمە لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە بە ناوی نوێگەریی و بنیاتنانەوەی شار چاوی لێ دەکەین. ئەم تێکستە گرنگییەکەی لەوەدایە لە زەمەنێکدا بە گێڕانەوەی هەقایەتی خەمی ناکۆتای ژنانەوە نەوەستاوە لەم وڵاتەدا و هاوکاتیش بە ناونیشانێکی تازەوە گرفتێکی تری وڵاتی ئێمەی دەستنیشان کردووە.

ئەوەی جێگەی بایەخپێدانە لەم ڕۆمانەدا، ڕەنگە مەسەلەی (منارەکە) بێت، ئەمەش وەک ئەوە نا کە بابەتی ژن و گرفتەکانی ژنبوون جێگەی بایەخپێدان نەبن، شێرزاد حەسەن خۆشی لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا لە مەڕ ڕۆمانەکە باسی لەوە کردووە، کە ناکۆتا ئەرکی نووسەری کورد بریتییە «لە دەرخستنی کێشەی ژن» و هێشتا بەوەش ناتوانرێت ئەو خەمە گەورەیە بڕەوێنرێتەوە. ڕەهەندی ئیستاتیکی و شارسازیی کۆنی ئێمە لە شاردا، تازەترین بابەتێکە کە وریایانە شێرزاد حەسەن مامەڵەی لەتەکدا کردووە و خستوویەتییە بەر ئاگایی گشتیی. دەبێت بڵێین ئەم خەمە قووڵەی تێکدانی شار و بیرەوەرییەکانی نەوەی کۆن و وێرانکردنی شار وشوێنەوارە جوانەکانی بە ناوی نوێگەرییەوە، بەر لە هەرشتێک پەیوەندیی بە مرۆڤبوونی خۆیەوە، وەک نووسەر، وەک ئاگامەندێک هەیە، چونکە درککردنی خەمی جڤاتییانە بەر لە هەر شتێک نووسەر و بیرمەندەکان تێی دەگەن و لێی ڕادەمێنن. ئەمە تەنیا خەمی شێرزاد نییە کە لە جیهانی دەقدا ئیشی لەسەر کرابێت، بەڵکو نووسەری تریش لەم خەمە گەورەیەدا پشکیان هەبووە و بەردەوام کاریان لەسەر پەیوەستکردنەوەی ڕۆحی نەوەیەک بەم دەرکەوتە ماتریالییانەی شارەوە کردووە، لەناوبردنی هەر شوێنەوار و جێگایەکی دێرینیان، بە کوشتنی ڕۆحی ئەو نەوەیە و مێژوو و دواجار بیرەوەرییەکانیان ناوبردووە.

شتێکی زۆر گرنگ لێرەدا سەرهەڵدەدات، ئەویش مەسەلەی ئامادەبوونی ئەم خەمە مرۆڤانە گەورەیەیە لە جیهانی دەقدا، چونکە بەردەوام خەمی ئەم مرۆڤانە نابێت بە ڕیالێتی، وەک بەختیار عەلی-یش لە ڕۆمانی (غەزەلنووس و ...)دا ئاماژەی پێدەکات: «بەردەوام شاعیر و پادشا بەیەک ناگەن»، ئەمە دروست وێناکردنی شاعیر و بیرمەندانە بۆ ژیان و ئەو جیاوازییە جەوهەرییەی کە لە نێوان سیاسیی و پادشاکاندا هەیانە بۆ بنیاتنانەوە، کە هەردەم وێنای سیاسیی و پادشاکان لە تەواوی جیهاندا ئەگەری بە ڕیالێتی و دابەزاندنی هەیە بۆ سەر جیهانی ڕواڵەت، بەڵام ئەمە لای ئەندازیارانی بیرو خەیاڵ مومکین نییە، هەرچەندە بەردەوام ئەو خەیاڵ و دنیابینییەی کە پادشاو دەستەودایەرەکەی هەیانە، جگە لە ناشیرینکردنی جوانیی، هیچی تر نییە.

ئەم تێکستە، هێجگار جوان بەدوای مانیفێستکردنەوەی هەمیشەیی و ئەبەدیی ژنانی وڵاتەکەی خۆیەوەیە، دەتوانێت لە کێشەیەکی تازەی تر بدوێت و ئەم دووانەش تێهەڵکێش بکات. ناوهێنانی کێشەی یەکەم پەیوەندیی بە ستایل و هێڵی تایبەتی کارکردنی خۆیەوە هەیە، واتا ئەم کێشەیە وەک بڵێیت بە تەنیا کێشەی نووسەر بێت، کە هەمیشە قسەی لەسەر کردووە و لێی دواوە، کێشەی دووەمیش: هەتککردنی مێژووی شار و شوێنەوار و بیرەوەرییەکانی شارە لەسەر دەستی سیاسییەکان و ئەوانەی خەون بەوەوە دەبینن، کە ئاپارتمانەکانیان کێبڕکێی دەرەوەی وڵات بکەن و باکیان بە تێکچوونی ڕۆحی شار و بیرەوەریی هاوشارییەکانییان نییە. هەتککردنی ژن و کوشتنی ڕۆحی ژنانی ئەم وڵاتە لەسەر دەستی نێرینەکان، هاوکاتە لەگەڵ هەتکی مێژوو و جوانیی کە بەهیچ نرخێک ئەم دوو کردەیە ناکرێنەوە.

گوزارشتکردنی مێینەک بە ناوی (شادی) بە هەموو ئازارەکانییەوە لە (منارەیەک)، ڕەنگە نووسەر ئەمەی وەک بەرگریکردنێکی تری ژن بەکارهێنابێتەوە، کە بوونەوەرێکی جوانە و بەرگریی لە مانەوەی جوانیی دەکات و نایەوێت جوانییەکانی تریش لەناو بچن. ئەم تێکستە ڕۆڵێکی دیاری هەیە لە دەستنیشانکردنی گرفتی ئەمڕۆی ئێمەوئەرکی نووسینیش توانای دەرخستنی شتی نوێ و هەستپێنەکراوی کۆمەڵە. بۆیە دەبێت بڵێین، ئەم نووسینەی شێرزاد حەسەن لە تەک کێشەی ژندا، کێشەی کوشتنی ئیستاتیکاو جوانییەکانی شاری تێدا دەبینرێت، ئەمەش لە نووسینەکانی تری جیا دەکاتەوەو ناکرێت وەها سەیری بکەین کە هەر تەنیا کتێبێکە و بەشێوەیەکی نوێ لەسەر ژن قسە دەکات.